# چەک دانان










ئەمڕۆ گروپی چەکداری{ ETA } هەواڵی چەک دانانی ڕاگەیاند...دیموکراسی لوولەی تفەنگ دەشکێنی و سەرەوخواری دەکاتەوە...مرۆڤ هەناسەی ئازادی دەدات و خوێن لە جەستەی دەرناچی...پێشمەرگەی تێکۆشەر ئامانجی میللەتەکەی دەهێنیتە دی...خۆزگە چەک دروست نەدەکرا...ئەو سێ چەکدارەی (ئێتا) کە بڵاوکراوەکەیان خوێندەوە ،ڕایانگەیاند هەتا هەتایێ چەک دادەنێن و بڕیارەکەیان لە ڕۆژی 24 ئاداری 2006 ەوە کاری پێدەکرێت...پرۆسەی دیموکراسی دەستپێدەکرێ و خەڵکی باسک بڕیاری چارەنووسی خۆیان دەدەن...هەردوو دەوڵەت فەرەنسا و ئیسپانیا دان بە مافەکانی خەڵکی باسک دادەنێن و هیچ جۆرە تەنگوچەڵەمەیەکیان بۆ دروست ناکەن...

## کورتەیەک دەربارەی باسک و ڕێکخراوەکەیان :ــ

باسک پێوانەی 7234 کیلۆمەترچوارگۆشەیە ...ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی دوو ملیۆنوسەدوبیست هەزارە 2112ملیۆن...زمانی باسکەکان زمانی یوسکارا بەکاردەهێنن کە زمانێکی کۆنە و هەتا ئەمڕۆ لە ئەوروپا ماوە لەگەڵ زمانی ئیسپانی یە...ناوچە گرنگەکانی {Bilbao }و{ Vitoria }و{ Gasteiz }و{ San Sebastian }و{ Donostiva }...




#/1895پارتی ناشیونالیستی باسک { PNV { دامەزرا ، داوای سەربەخۆیی دەکرد.

#/1959 لە سەردەمی رژێمی فرانکۆی دیکتاتۆر رێکخراوی  نیشتمانی باسک و ئازادی ـ ئیتا {ETA }
( Euskadi Ta Askatasuna ) دامەزرا.

#/1968 یەکەم چالاکیان کوشتنی بەرێوەبەری ئاسایشی ئیسپانیا بوو لە شاری سان ساباستیان لە ناوچەی باسک و چەند سیڤیل{مەدەنی}کوژرا.

#/1978 بەشی سیاسی { ETA } دامەزرا {Herri Batasuna } .

#/1979 ئۆتۆنۆمی بۆ باسک راگەیەندرا.

#/1998 ریکخراوی {ETA} لەگەڵ رژێم کفتوگۆی دەست پێکردبەلاَم سەری نەگرت.

#/1999 کفتوگۆ تێک چوو پاش ئەوەی کوشتن لە نێوان {ETA } و رژێم رویدا.

#/ 2006 بە یەکجاری {ETA } شەڕی راگرت.

نوسین و وەرگێران و ئامادەکردنی فـــەهـــد گـــــردەوانــی **2006/3/24**